# میدیا دەمان هاژوات !

**جەلال بەرزنجی**

**کەنەدا**

## ئێمەو میدیا



پێش ئەوەی زانیاریەکان وا بە خێرای بگەن و لەو سەری دنیا لە رێگەی تۆڕی ئینترنێت بتوانی لە سایتی (گوگولی زەوی) بچیتە کۆلانەکەتان و ماڵەوەتانت لێ دیار بێت کە ئەمەش دەچێتە خانەی پێشکەوتنی میدیا بۆ گەیاندنی زانیاریەکان و بە خێرای هاژوشتنمان, میدیا لە سەردەمی رژێمی فاشی سدام وەکو هەمووشتەکانی تر لە لایەن رژێمێکی سەنتراڵیزمی عەسکەرتاری کۆنترۆل کرابوو, شوێن نەبوو بۆ قەڵەمی ئازاد
رژێمەکانی پێش سەدامیش میدیان کۆنترۆل کردبوو, بە گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست تا ئەمرۆش لە بەر ئەوەی کۆمەڵگای سڤل و دیموکرات سەقام گیر نەبوو,بە زۆری کەرستەو سەرچاوەکانی پەخش کردنی میدیا لەحکومەتەوە دەدرێن بۆیە, میدیا بە تەواوی ئازاد نیە, میدیای ئازادیش لە ئەتمۆسفیری ئازاد و لیبراڵ نەبێت گەشە ناکات..پەیوەندی من لەگەڵ میدیا بە گوێگرتن لە رادیۆ دەستی پێکرد لەکۆتای شەستەکان, رادیوی مۆنتی کارلۆ ودەنگی ئەمریکاو لەندەنمان دەکردەوە, بۆ ئەوەی هەوڵێك لە سەر کورد ببیستین , ئەوانیش جاروبار گەر باسمانیان بکردبایە بە (متمردین الاکراد) باسیان دەکردین, ئێمەیش هێشتا لە مانای متمرد نەدەگیشتین ئەو شەوە دڵمان زۆ خۆش دەبووە ترسان نەبووایە هی واهەبوو ئەگەر (سەمینۆفێکی )هەبووایە پێی خۆش بوو تەقەی خۆشیش بکات ..دوای حەفتاکان پەیوەندیمان لە گەڵ میدیا فرەوان تر بوو سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد رۆژنامەمان دەخوێندەوە, ئەوانەش(ئەو دوو سێ ساڵەی ئاگر بەستی یانزەی ئازاری لی`دەربچێت میدیا لە لایەن رژێمی بەعس پەخش دەکرا , رژێمیش هەوڵی دەدا بەدرۆکانی ناو میدا کەی بە ئارەزوی فاشیانەی خۆی بمان هاژوا, بۆ هەندێك شت سەرکەوتووبوو لە هاژوشتنمان ,من هەتا بەم دوایە لە نزیکەوە مرۆڤی( جوم) نەدیت, تارمای ئەم شیۆە ناشرینەی میدیای عەرەبی دەربارەی مرۆڤی(جو)لە زەینم دروستی کردبوو نەڕەویەوە ,ئێستاش هەندێك میدیای بە ستایلی جیاواز خەڵکێکی زۆر بۆ ئەدرییسی هەڵە دەهاژوان !

## میدیاو ئێستا

سایتی( گوگوڵی) زەوی کەوا لە سەرەوە ئاماژەم پێدا دەهێنانێکی کۆنەو زیاترلە دەساڵ پێش ئێستا کاری پێکراوە , ئێستا چیتر بەکار ناهێنری , تاراوگەنشینەکان لە دووری چەند کێشوەریکەوە جاروبار دەچنە سەر ئەم سایتە ودەڵێن , .ئەها ئەوەتە کۆلانەکەمان,ئێستا مەزەندەی ئەوە دەکرێ نهێنی ژووری خەوتنیشمان لە بەر دەستان بێت, میدیای ئێستا تەنیا کاری بلاو کردنەوەی هەواڵی سیاسی, راپۆرتی سیاسی وکۆمەڵایەتی, گۆرانی داواکراو یان تەنیا راکردن نیە بەدوای لێپسراوان, یان شرۆڤەکردنی روکەشانە., ئەرکی میدیای ئەمرۆ جیاوازە ,تەنیا بە رادیو و رۆژنامەو تەلەفزیۆن و تەماشاکردنی کۆن جێ بەجێ ناکرێ .میدیا بووە بە شوفێریکی پسپۆرو جاروبار وەك میگەڵ بەکۆمەڵ خەلك دەهاژوا ,لە رۆژئاوا (ئەتڤەرتایزینگ) کردنوو و(فلایەر) بلاو کردنەوە ئەرکێکی سەرەکی میدیایە, میدیا بووە بەفرە شوفێری, بەیانیا بە هەزاران مشتەری دەگەێنتە بازارەکان, نموونەی جانتاو قۆندەرکانی (پاریس هلتن) پێش قاوەی بەیانیان لە گەڵ ژمارەی تەلەفۆنی ژنە سۆزانیەکان دەگەینێتە سندوقی پۆستەی ماڵەکان و لە ماوەیەکی کەمیش ر ۆژ نامەنووسانی وەك (ئیندرسن کۆپەر و پیتەر) دەگەێنە شوێنە گەرمەکانی روداوکان تا کامیرا لەگەڵ تانکەکان لە هێلی پێشەوەی بەرەی جەنگبن ,لەم لاشەوە سەرکردەکان لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکانیاندا بخەنە گۆشەوە. میدیا زۆر جار شوفێریکێ باشی دەسەڵات بووە بۆ لێخوڕینی مێگەڵ,بە لام لە ر ۆژ هەڵات چونکە میدیا بە یەك رێگە رێدەکات کەم ئاور بەملاو بەولادا دەداتەوە شوفێراتیەکەی بۆ دەسەڵات خراپ نیە!

## میدیای سەرکەتوو

رۆنی دەربڕین زۆر گرنگە بۆ میدیای سەرکەتوو, راستگۆیش گرنگە بەڵام شێوەی دەربڕینەکە گرنگ ترە, ئازایەتی بەو مانایەنا بچیتە بەرەکانی شەڕو پێش جەنگاوەرەکانیش بکەویت, ئازایەتی لە پرسیارکردن و بەدواچوون, ئاسانی و خێرای ,خۆشی مانشێتەکە ,یان ستایلی نووسینەوەی هەواڵەکە, کورت و چڕی دەست بە وشەوەگرتن,گەرماو گەمی , لە باکووری ئەمریکا میدیا زۆ قسەکەری وا لێکردووە خەڵکانێك چوون بۆ گوێگرتن لە قسەی هەندێك قسەکەر وەك چوون بۆ کۆنسێرتی (سلندیان ) سەیر دەکەن , ساڵی پار سەرۆکی پێشوی ئەمریکا(بیل کلنتن)بانگێشتە کرابوو بۆ شاری (ئیدمنتۆن)ی کەنەدا بلیتی چوونە ژوورەوە بۆ گوێ گرتن لە قسەکانی بە(75 دۆلا بوو ) بەڵام کاتی خۆی کە لە سەرحوکم بوو ئەو لێدوانەی لێ ببچێتە دەرەوە کە

پەیوەندی بە (مۆنیکا) و ئەوەوە هەبوو کەس زۆر ئامادەنەبوو بە خۆڕایش گوێی لێ بگرێت,ڕۆژنامەنووسی بەتوانا و ناسراو (کرستینا ئامن پور) لە هەفتەی رابردوو لە تەلەفزیۆنی(س.ن.ن) راپۆرتێکی  دیکۆمەنتی مەیدانی زۆر بە هێزی لە ژێرتایتلی جەنگاوەرەکانی خودا(گادس وۆریەر)لە سەر فەندەمەنتەڵ و ئێکستریمی ئیسلام و جو و مەسیحی پێشکەش کرد بەڕنامەکە بۆ ماوەی دووسەعات بوو من وام هەست دەکرد سەیری فلیمێکی زۆر خۆش دەکەم.نموونەی کارێکی ڕۆژنامەنووسی سەکەوتووبوو زۆرجار هەست دەکەیت هەموو هونەرەکان لە هەندێك  ڕۆژنامە نووس یان راپۆرت نووس(ریپۆرتەر) کۆدەبنەوە دەتهاژون هەڵبەتە ئەم جۆرە هاژوشتنەی میدیا جوانەو رەنگە بمانباتە ئەردێسی تەواو  !